# کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا (ئیدارەی دۆناڵد ترامپ وەک نمونە)

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی ماستەر لەژێر ناونیشانی (ستراتیجی ڕێگای ئاوریشمی نوێی چین لەگەڵ دراوسێکانی هەرێمی کوردستان-لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بە نموونە) بە سەرپەرشتی د. صالح عمر عیسی، وەك مەرجێك بۆ تەواو کردنی ماستەر نامە

**پ.ی.د.شمال حسین مصطفی [1] رزگار احمد رسول [2]**

[1] کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر-عێراق
[2] کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر-عێراق

**پوختە**

لەپشت هەر بڕیار و سیاسەتێك کە دەوڵەتێك دەیگرێتەبەر چەندین هۆکار و فاکتەر ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاش لە ماوەی ئیدارەی دۆناڵد ترامپدا بەرامبەر ئیسرائیل و ئێران لەژێر کاریگەری چەندین بووە، بەتایبەت کاریگەری لۆبی جولەکە، دۆناڵد ترامپ لەماوەی ئیدارەکەیدا چەندین بڕیاری مێژوویی دەرکرد بەرامبەر(ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ئێران) وەك بڕیاری ناساندنی شاری قودس وەکو پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەکەی بۆ شارەکە، هەروەها لەهەمبەر ئێرانیشدا ئیدارەکەی ترامپ سیاسەتێکی توندی پەیڕەوکرد بەتایبەت بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران و زیادکردنی سزاکانی سەر ئێران، هەربۆیە پرسیاری توێژینەوەکەمان جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی ئایا ئەو سیاسەتە تا چەند لەژێر کاریگەری لۆبی جولەکە بووە، گریمانەی ئەوەشمان کردووە کە ئەو بڕیار و هەڵوێستانەی ترامب بەرامبەر ئیسرائیل و ئێران هەنگاوی بۆناوە لەژێر هەژموون و کاریگەری لۆبیەکە بووە و خزمەتی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لۆبیەکەی کردووە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکەشمان لە دوو بەشی سەرەکی خستۆتەڕوو، بەشی یەکەم تیشک دەخاتە سەر ناساندن و پێناسەی هەریەکە لە لۆبی جولەکە و سیاسەتی دەرەوە و ئەو هۆکارە نافەرمیانەی کاریگەریان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەبەشی دووەمیشدا هەوڵماندا شرۆڤەی ئەو بڕیار و هەڵوێستانەی دۆناڵد ترامپ بکەین و ئاستی کاریگەری لۆبیەکە لەسەری بخەینەڕوو، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا لەگرنگترین ئەو ئەنجامەی پێی دەگەین بریتیە لەوەی لۆبی جولەکە کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ئیسرائیل و ئێران لەماوەی ئیدارەی ترامپدا.

**ووشە کلیلیەکان:** (لۆبی جولەکە، ئیدارەی ترامپ، ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران، ئیسرائیل، سیاسەتدەرەوە)

## ١. پێشەکی

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و سیاسەتی دەرەوە لەسەر ئاستی دەوڵەتاندا جیاوازی هەیە ئەمەش بە گوێرەی ئەو دامەزراوە و فاکتەرانەی کەوا لە پرۆسەکەدا بەشدارن و ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە حوکمی سروشتی سیستەمی سیاسی و ئەو بەها و پرەنسیپانەی پەیڕەوی لێدەکات لە ئازادی و دیموکراسی و مافی کەمینە و گروپە جیاوازەکان ڕێگای خۆشکردووە لە پاڵ دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت چەندین فاکتەری جیاواز ڕۆڵیان هەبێت لە ئاراستە و دروستکردنی بڕیار و سیاسەتی دەرەوەدا، بەتایبەت گروپی فشار و لۆبیەکان ڕێگایان دراوە کە بەشێوەیەکی ئازادانە چالاکیان هەبێت و کاربکەن لەپێناو بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکانیان و ئەو ئامانجانەی کە لەپێناویدا دامەزراون، لۆبی جولەکەش کە زۆرجار بەلۆبی ئیسرائیلی یاخود لۆبی زایۆنی ناودەبرێت لەم نێوەندا توانیویەتی پێگە و هەژموونی خۆی بەسەر کایەی سیاسی و بەشێك لە بڕیار و سیاسەتەکانی ئەوڵاتەدا دابنێت وەکو کاریگەرترین لۆبی لە وڵاتەکەدا، لۆبی جولەکە لە ماوەی ئیدارەی دۆناڵد ترامپدا(٢٠١٧-٢٠٢١) ڕۆڵێکی کاریگەر و باڵای هەبووە لەسەر بڕیار و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەم هۆیەوەش ترامپ چەندین بڕیاری گرنگ و مێژوویی دەرکرد لەپێناو ئامانج و مەبەستی لۆبیەکە لە خزمەت بە پاراستن و بەرژەوەندی ئیسرائیل لە گرنگترین ئەو بڕیارانەش بڕیاری ناساندنی شاری قودس (ئورشەلیم) وەکو پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەکەی بۆ شارەکە، هەروەها لۆبیەکە توانیویەتی لەهەمبەر ئێرانیشدا ئیدارەی ترامپ ناچاربکات کە سیاسەتێکی توند پەیڕەو بکات ، لەگرنگترین ئەو بڕیار و هەنگاوانەش کە ترامپ بەرامبەر ئێران ناویەتی بریتیە لە کشانەوە لەڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران و زیادکردنی سزاکانی سەر کەرتی ئابوری و دارایی بانکەکان و هەروەها کوشتنی (قاسم سلێمانی) سەرۆکی سوپای قودسی ئێران، هەموو ئەو بڕیارانەش کە لە خزمەت بە ئەجێندا و ئامانجی لۆبیەکە و بەرژەوەندی ئیسرائیل دەکەن سەلمێنەری ئەوەن تا چ ئەندازەیەك لۆبیەکە ڕۆڵی و کاریگەری هەبووە بەسەر بڕیار و هەڵوێستی ترامپ لەماوەی ئیدارەکەیدا.

### ١,١ ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە جەخت دەکاتە سەر نیشاندان و شرۆڤەکردنی ئاست و کاریگەری لۆبی جولەکە و هەژموون و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەماوەی سەرۆکایەتی و ئیدارەی دۆناڵد ترامپ(٢٠١٧-٢٠٢١) .

### ١,٢ گرنگی توێژینەوە:

ڕنگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە نیشاندانی ئاست و کاریگەری لۆبی جولەکە و ئەو هەژموون و کاریگەری کە هەیەتی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر (ئیسرائیل و ئێران)، وە بۆ ئێمەی کوردیش زۆر گرنگە تێبگەین لەوەی دروستکردنی لۆبیەکی چالاك و بەهێز چۆن دەتوانێ سیاسەت و بڕیاری وڵاتێکی زلهێزی وەکو ویلایەتە یەکرتووەکانی ئەمریکا ئاراستە بکات و لەو نێوەندەشدا هەوڵبدەین کار لەسەر دروستکردنی لۆبیەکی کوردی کاریگەر بکەین لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بەتایبەت بەدەستهێنانی سەربەخۆی .

### ١,٣ پرسیاری توێژینەوە .


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 25 يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان بریتیە لەوەی کە ئایا لۆبی جولەکە کاریگەری هەبووە لەسەر ئیدارەی ترامپ و هەڵوێست و بڕیارەکانی هەروەها ئەو کاریگەریە تا چ ئەندازەیەك بووە ؟

### ١،٤ گریمانەی توێژینەوە

لە توێژینەوەکەمان گریمانەی ئەوەمان کردووە کە ئەو بڕیار و هەڵوێستانەی ترامپ بەرامبەر ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر هەژموون و کاریگەری لۆبی جولەکە بووە و هەموو بڕیارەکان خزمەتی بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لۆبیەکە کردووە.

### ١،٥ میتۆدی توێژینەوە:

سروشتی توێژینەوەکەمان وا دەخوازێت کە سوود وەرگرین لە هەردوو میتۆدی وسفی و شیکاری، بۆ بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان سوومان بینیوە لە میتۆدی وەسفی بۆ پیشاندان و وەسفکردنی لۆبی جولەکە و سیاسەتی دەرەوە و ئەو هۆکارە نافەرمیانەی کەوا کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە پێویستمان بە میتۆدی شیکاری بۆ ناوەرۆك هەبوو بۆ شرۆڤە و شیکردنەوەی کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر ئەو بڕیار و سیاسەتانەی ئیدارەی ترامپ داویەتی لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا بەرامبەر (ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ئێران).

### ٢.ناساندنی لۆبی جولەکە و سیاسەتی دەرەوە

ئەم بەشە لە دوو باسی سەرەکی پێك دێت، لە باسی یەکەمدا سەرنجمان خستۆتە سەر هەریەکە لە چەمك و زاراوە لۆبی هەروەها لۆبی جولەکە، دواتر شرۆڤە و پێناسەی سیاسەتی دەرەوەمان کردووە، لەباسی دووەمیشدا باسی گرنگترین ئەو هۆکارە نافەرمیانە دەکەین کەوا کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی .

### ٢،١ پێناسەی چەمکی لۆبی جولەکە و سیاسەتی دەرەوە:

ئەم باسە دوو داواکای دەگرێتەخۆ، لەداواکاری یەکەم سەرنجمان خستۆتەسەر پێناسەی چەمکی لۆبی(Lobby) دواتریش چەمکی (لۆبی جولەکە-Jewish Lobby)، لە داواکاری دووەمیش هەوڵماندداوە ناساندن و پێناسەی سیاسەتی دەرەوە بکەرین لە ڕوانگەی بیرمەندانی بواری زانستە سیاسیەکان .

### ٢،١،١ چەمکی لۆبی و لۆبی جولەکە:

ئەم داواکاریە دوو لق لەخۆ دەگرێت ئەوانیش پێناسەی هەریەکە لە(چەمکی لۆبی) و(چەمکی لۆبی جولەکە).

### ٢،١،١،١ چەمکی لۆبی (Lobby Concept):

لەرووی ووشە سازیەوە چەمکی لۆبی ووشەیەکی ئینگلیزیە لە (Lobby)ی وەرگیراوە کە بەمانای هۆڵی چاوەڕوانی یان پشوودان لەهۆتێلەکان بەکارهاتووە، بەڵام فەرهەنگی ئۆکسفۆرد لەچاپی (١٨٠٨) بەوتای سیاسی بەکارپێیناوە و دەستەواژەی لۆبی بۆ بەو کەس و گروپانە بەکاردێنێت کەوا کاریگەریان لەسەر ئەندامانی پەرلەمان و یاسادانەران هەبووە. هەرچی هێرمانسن بەم شێوەیە پێناسەی دەستەواژەی لۆبی دەکات بریتیە لە(پەیوەندی ناڕێکخراو لەگەڵ سیاسیەکان و بەرپرسان تاوەکو کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیارەکانیان )(میرشایمەر، ٢٠١٧: ل١١) .

هەروەها ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیش بەم شێوەیە باسی چەمکی لۆبی دەکات بریتیە لە (کۆمەڵێك بریکاری چالاك کە بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە و پیادەی فشاردەکەن لەسەر فەرمانبەرانی فەرمی دەوڵەت بەتایبەتیش یاسادانەران لەپێناو کاریگەری خستنەسەریان لە ڕێگای پیادەکردنی کارەکانیان(محمد، ٢٠١٤: ص٢). فەرهەنگی سیاسی ئارەش سەبارەت بە دەستەواژەی لۆبی (lobby) ئاماژە بەوەدەدات کە ووشەی لۆبی لەزاراوەی سیاسیدا بەمانای کاریگەربوونە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەمەش بەمانای دانانی کاریگەری و چەسپاندنی بیروبۆچونێك دێت لەڕێگای پەیوەندی کردن بە ئەندامانی کۆنگرێس و ئەم پەیوەندیانەش لەناو هۆڵ و بینایەی کۆنگرێس ساز دەبن(محمدی و حاج زادە ،٢٠١٦: ل٦٦٠) ، فەرهەنگی (زاراوە و قوتابخانە سیاسیەکان) ئاماژە بە ووشەی لۆبی دەدات کە دەستەواژەیەکی باوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە وە تەشەنەی کردۆتە دەرەوەی سنوری ئەمریکاش، واتە(سەرەتا لە ئەمریکا سەری هەڵداوە و دواتریش پەریتەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و جیهان)، وە پێناسەی لۆبی دەکات وەکو(دەندان و هاندانی نوێنەرانی پەرلەمان بۆ پشتیوانیکردن یان پشتیوانی نەکردن لە گەڵاڵە نامەیەك لەڕێگای پەیوەندیە تاکەکەسیەکان بەتایبەتی لەو شوێنە گشتیانەی پەرلەماندا کە خەڵکی ئاسایی دەتوان بچنە ناوی، ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ ئاماژەکردن بە گروپەکانی فشار و هاوبەرژەوەندیەکان بۆ سەر ئەندامانی پەرلەمان کەڵکی لێوەردەگیرێت(شەبانی، ٢٠١٠: ل٢٨٤ ).

### 2.1.1.2 لۆبی جولەکە (Jewish Lobby):

ئەو لۆبیەی کەوا کاردەکات بۆ فشارخستنە سەر سیاسەت و بڕیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێناو پشگیری و یارمەتیدانی ئیسرائیل بەگوێرەی بیرمەند و نوسەرەکان بەچەند ناوێکی جیاوازەوە ئاماژەی پێدەدەن وەکو لۆبی جولەکە(jewish lobby) کە ئێمە ئەو چەمکەمان بەکار هێناوە، هەروەها لۆبی ئیسرائیل(Israel lobby) وە لۆبی زایۆنی( Zionist lobby)، کە مەبەست لێی بریتیە لە کۆمەڵێك (تاك، دامەزراوە،ڕێکخراو) کە چالاکانە کاردەکەن بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل فەراهەم بکات وە بەشێوەیەك کاردەکەن وەك ئەوەی هاوپەیمانیەك هەیە لەنێوان تاك و گروپەکان لەناو سیستەمی سیاسی ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی پەیوەنی ئەمریکا و ئیسرائیل(مراکشی، ٢٠١٤-٢٠١٥: ص٣٧) .

جۆن میرشایمەر و ستیفن وۆڵت سەبارەت بە پێناسە و ناساندنی ئەو لۆبیەی کەوا کاردەکات لە پێناو بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل دەڵێن( بریتیە لە ڕێکخراو و گروپە کاریگەرەکان کە تێدەکۆشن بۆ چۆنیەتی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و تێگەیشتن لە بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان، لەم پێناوەشدا هەمیشە هەوڵدەدات یاسادانەران و سیاسەتمەدار و ئەندامانی کابینەی حکومەت ڕازی بکات تاوەکو بۆچوون و پێشنیارەکانیان ئاڕاستە بکات بەجۆرێك پارێزگاری بکات لە بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل)(Shakoori And Others,2016: p131 ).

هەروەها لۆبی جولەکە پێك دێت لە جولەکە ئەمریکیەکان و چەندین ڕێکخراوی وەکو لێژنەی ئەمریکی ئیسرائیلی بۆ کاروبارە گشتیەکان(AIPAC)، هەروەها ئەم لۆبیە مەسیحیە پرۆتستانتەکان دەگرێتەخۆ وەکو جاری بویل و جیری فالول و هەروەها پارێزگارە نوێیەکان وەکو جۆن بۆڵتن و ڕۆبرت ئارتلی سەرنوسەری پێشووی (Journal street wall)، لۆبی جولەکە بەوە جیادەکرێتەوە کەوا خۆی خزاندۆتە ناو زۆربەی دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار، سەرەڕای خاوەندارێتی چەندین گەورە کۆمپانیای چەك و پترۆل و پیشەسازی تەکنەلۆژیا ئەمە جگە لەوەی خۆ خزاندۆنە ناو زۆرێك لەدامەزراوەکانی بیرکردنەوە ناسراو بە (think tanks) وە بەردەوام فشارکردن بۆ ڕێگریکردن لە دەمەزراندنی هەرکەسێك لە دامەزراوە هەستیارەکان کە ڕەخنەی هەبێت لەسەر ئیسرائیل بەتایبەت ڕێگریکردنی ئەو کەسانە لە چوون بۆ وەزارەتی دەرەو(بدوی، ٢٠١٥: ص٣٨) .

### ٢،١،٢ سیاسەتی دەرەوە (foreign policy) .

سەرەتا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە وەکو زۆربەی چەمك و دەستەواژەکانی دیکەی چوارچێوەی زانستە سیاسیەکان بەگشتی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەتی لێکدانەوەی جۆراو جۆر و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە بەگوێرەی بۆچوونی بیرمەندانی بوارەکە، لەبەرئەوە ئێمەش لەخوارەوە ئاماژەمان بە چەند پێناسەیەکی جیاواز کردووە بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە سیاسەتی دەرەوە.

سیاسەتی دەرەوە گرنگی بە پرسەجۆراوجۆرەکانی وەکو :پرۆسەکانی هەنوکەیی لەئاستی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی حکومەت، پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە و بڕیاردروستکردن و ستراتیژیەکانی هەڵبژاردنی عەقڵانی، ئامانجەکان و ئامرازەکان ، ژینگە و سروشتی سیاسی ناوخۆیی، بکەرەکان ڕەگەزە دەروونییەکانیان و تێگەیشتنیان، ئایدۆلۆژیا، ژیۆپۆلیتیك و...هتد دەدات، لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی دەرەوە جەخت لەسەر پرۆسە ناوخۆییەکانی دروستکردنی بڕیار دەکات، لەڕاستیدا سیاسەتی دەرەوە ئەو هەنگاوانە لەپەیوەندیەکان دەگرێتەوە کە حکومەتەکان بەرپرسن تیایدا بۆ ئەم مەبەستەش هەر دەوڵەتێك کۆمەڵێێك ستراتیژ و ڕێوشوێن دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەو ئاراستەیەدا ڕێکدەخات(رحيم، ٢٠١٤: ل٢٣)، سیاسەتی دەرەکی لەهەردەوڵەتێك بوونی پرۆسەیەکی دینامیکیە و کاردانەوەیە لەنێوان بەرژەوەندی نەتەوەیی (المصلحة القومية) لەگەڵ ژینگەی نێودەوڵەتی (البيئة الدولية) وە ئەمەش دەگوزرێت بۆ واقع لەڕێگای کەناڵە دیپلۆماسیەکان و نادیپلۆماسیەکان ئەوەی ناودەبرێن بە هێز، ئامرازەکانی فشار و ناچارکردن و هەرەشە(السليم، ١٩٩٨: ص٧) .

لێرەوە هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەکی بیرمەندانی بوارەکە بخەینەروو سەبارەت بە چەمکی سیاسەتی دەرەوە کە هەریەکە لە دید و ڕوانگەی خۆیەوە هەوڵیداوە خوێندنەوە و پێناسەی سیاسەتی دەرەوە بکات .

فیرنس و شنایدەر بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکەن (میتۆدی کارکردنە یان کۆمەڵێك بنەمایە یاخود هەردووکیان کە دەستنیشان دەکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەك یان ڕووداوێك کە ڕوویداوە یان ڕوودەدات یان پێشبینی دەکرێت لەداهاتوودا ڕووبدات )(مصطفى، ٢٠١٧:

ص٦٣:)، هەروەها روزناو بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات و دەڵێ سیاسەتی دەرەوە ( رەفتارگەلێکی دەسەڵاتتخوازیە کە حکومەتەکان پێی هەڵدەستن یاخود دەیگرنەبەر، جا لەپێناو پارێزگاریکردن بێت لەبارودۆخە ویستراوەکانی ژینگەی نێودەوڵەتی یاخود گۆرانکاری لەبارودۆخێکی نەویستراو )(سلیم،١٩٩٨: ص١١)، مارسیل میرل بیرمەندی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەڵێت (سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە ئەو بەشەی چالاکیەکانی دەوڵەت بە ئاراستەی دەرەوە، بەمانای کە بەپێچەوانەی سیاسەتی ناوەخۆیە کە گرنگی بە پرسە ڕیالیستیەکان(المسائل الواقعیة) دەدات لەدەرەوەی سنوەرەوە (شیبانی، ٢٠١٥-٢٠١٦: ص٩)، میرل لە پێناسەکەیدا بە شێوەیەکی تا ڕادەک گشتگیر باسی چالاکیەکان دەکات و بوارێکی تایبەتی دیارینەکردووە تەنها ئەوە نەبێت کە وابەستەی کردووە بە پرسە ڕیالیستیەکان، وە جیاشی کردۆتەوە لە سیاسەتی ناوەخۆ بەوەی سیاسەتی دەرەوە ئاراستەی دەرەوەی سنوری دەوڵەت دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك بریتیە لە کۆمەڵە بریارێك کە تێدا دەست نیشانی ئامانجەکانی دەوڵەت دەکات لەدەرەوەی سنورەکانی، لەرێگای چەندین ئامرازەوە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە دەکات ، سیاسەتی دەرەوە پەیوەست و کاریگەرە بە سیاسەتی ناوەخۆ، واتە فاکتەرەکانی (بەهێزی ئابوری دەوڵەت ، هێزی سەربازی، ژمارەی دانیشتوان و رووبەری ولات ) کاریگەری راستەوخۆیان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت(عەبدوڵا،٢٠٢٠: ل٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەهێزی و کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك وابەستەیە بە بەهێزی و کاریگەری ئەو دەوڵەتە لەسەر ئاستی ناوەخۆی خۆیدا، بەدیوێکی تر دەتوانین بڵێین کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە واتە ئەو دەوڵەتەی کە خاوەنی سیاسەتێکی تۆکمە و کاریگەر بێت لەناوەخۆ دەکرێ ئەمە رەنگبداتەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەشدا بە پێچەوانەوەش راستە .

## ٢,٢ ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:

ئامادەکردنی سیاسەتی دەرەوە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە بەتایبەت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی ئاڵۆزی و سروشتی سیستەمە سیاسیەکەی کەوایکردووە چەندین هۆکار و دامەزراوە ڕۆڵیان هەبێت لە دروستکردن و ئاراستەکردنی بڕیار و سیاسەتی دەرەوەدا، لە پاڵ دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت وەکو (سەرۆکی وڵات و کۆنگرێسی ئەمریکا و وەزارەتی دەرەوە و دامەزراوە فەرمیەکانی تر) کە بەشدارن لە پڕۆسەی دارشتن و دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەدا چەندین دامەزراوە و فاکتەری دیکەی نا فەرمی هەن کە بایەخ و ڕۆڵیان هەیە لەسەر پڕۆسەی روستکردنی بڕیار و سیاسەتی دەرەوەدا، لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین تەنها تیشك بخەینە سەر گرنگترین فاکتەرە نا فەرمیەکان کەوا کاریگەریان هەیە لەسەر بڕیار و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

٢,٢,١ ناوەندەکانی هزرورِا (Think Tanks):

ناوەندەکانی هزرورِا و سەنتەرەکانی توژینەوە کە ناسراون بە(Think Tanks) لە ئێستادا بۆتە سیمایەکی دیار و ئاشکرا لەسەر ئاستی وڵاتانی دونیا و کاریگەری و بایەخی گەورەیان هەیە بەسەر ئاراستەی بڕیار و سیاسەتەکان بەتایبەت لەو بوارەی پسپۆڕیان هەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەم بوارەدا لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن دایە و خاوەنی چەندین دامەزراوەی بەناوبانگی تانکی بیرکردنەوە یان دامەرزراوەی بیرکدنەوە و هزو ڕایە .

بەکارهێنانی ناوەندەکانی بیرکردنەوە یاخود هزر و ڕا(Think Tanks) وەکو دەستەواژە بۆیەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانی کە ئەوکات بەکارهێنانی ئەم چەمکە وەکو ئاماژەیەك بوو بۆ ئەو ژینگە و شوێنگە ئارامەی کە لێکۆلەر و پسپۆر و بیرمەندانی بواری بەرگری و ئاسایش و دارێژەرانی سیاسەت و نەخشەی سەربازی تیایدا کۆدەبونەوە و ئالوگۆڕی بیروڕای خۆیان دەکرد سەبارەت بە پرس و بابەتە ستراتیژیەکان(نورەدینی، ٢٠١٧: ل٣٨٤)، لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا بنەڕەتی ئەم دەستەواژەیە و جوگرافیای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە بەشوێنێکی دیاریکراو وتراوە کە ئالوگۆڕی بیروڕای تێداکراوە و نەخشە و پلانی لێ دادەنرا.

مەبەست لەدەستەواژەی ناوەندەکانی هزرورِا ئەو دامەزراوە و ڕێکخراو و ناوەندانەیە کە کەسانی خاوەن سەرمایەی زانست و زانیاری و پسپۆڕ و شارەزا کاریان تێدا دەکەن، ئەرکی بنەڕەتی ئەوان بریتیە لە شرۆڤە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەو پرس و بابەتانەی کەپەیوەستن بە ژیان و بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگا و پرسی جۆراو و تایبەتمەند هەیە بەگوێرەی ئەو پسپۆریەی کە ناوەندەکە کاری لەسەر دەکات، لەو ڕێگەیەوەش زانیاری وداتا بە ڕای گشتی و کۆمەڵگای مەدەنی و دەستەبژێری سیاسی دەگەیەنن و کاریگەری لەسەر بڕیار و سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەکی دروست دەکەن و دەستدەخەنە سەر کەم و کورتی و کێشەکان و هۆکارەکان دەستنیشان دەکەن و چارەسەر و بژاردە و ئەلتەرناتیڤەکان دەخەنەڕوو و چالاکی زانستی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن(نورەدینی: ل٣٨٥)، لەمەشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوەندەکانی هزرورِا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە سەر پرۆسەی داڕشتن و هەروەها داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە .

دامەزراوەکانی هزرورِا کاریگەری دیاریان لەسەر دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، ئەم ناوەندانە کە وەکو دامەزراوەی توێژینەوەی سیاسی کاردەکەن ڕاوێژ و ڕاسپاردە پێشکەش بە دروستکەرانی بڕیار دەکەن لە بوارە جۆر بەجۆرەکان وە لەبەواری سیاسی زیاتر کاریگەرن بەتایبەت لەسەر دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەروەکو(ریتشارد هاس) بەرپرسی ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە سەبارەت بە رۆڵی ئەو ناوەندانە ئاماژە بەوەدەکات کەوا ئەم ناوەندانە بەرهەمهێنەری بیرۆکە و بژاردەی داهێنەرانەن لە سیاسەت و فەراهەمکردنی سەمایەی مرۆیی و ئامادەکردنی تاك بۆ ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار و چارەسەری ناکۆکیەکان(مصطفى: ل١٣٥). ریژەی ناوەندەکانی توێژینەوەوهزرورِا تاکو ساڵی(٢٠١٦) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتە(١٨٣٥) لەو ریژەیەش(٣٩٧) تەنها لە واشتنۆنی پایتەخت بوون(الانباری، ٢٠١٨: ص٤٥) ، لەسەرژمێریەکی ئەم دواییەش نزیکەی(١٩٨٤) ناوەند و دامەزراوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەژمارکراوە کە نزیکەی یەك لەسەر سێی کۆی ناوەندەکانی هزروڕای جیهان پێك دەهێنێت و زۆرینەشیان دەکەونە واشنتۆنی پایتەختەوە، ئەو دامەزراوانە بەردەوام بەدوای لێکۆڵینەوە و ڕێگاچارەن بۆ کێشە و بابەتە جۆراوجۆرەکانی جیهان جگە لەوەش کاردەکەن بۆ لۆبیکردن و گۆڕینی سیاسەتەکان لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(Tbs staff, 2022).

کاریگەری دامەزراوەکانی هزرورِا هەمووی لەیەك ئاست و شێوازدا نیە بەڵکو کاریگەری هەریەکەیان جیاوازە لەویتر بەگوێرەی ئاستی چالاکی و ئەو کەیس و پرسانەی کاری لەسەر دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش سێ پێوەری گرنگ هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاست و کاریگەری ناوەندەکانی هزرورِا ئەوانیش بریتین لە(نورەدینی: ل٣٨٧):-

١. چالاکیەکانی ناوەندەکانی هزرورِا .
٢. لایەنی سەرپەرشتیاری ناوەندەکە .
٣. ئەو پرس و بابەتانەی کە گفتو گۆیان لەسەر دەکەن .

بۆ تێگەیشتن لە ئاست و کاریگەری دامەزراوەکانی هزرورِا و دیاریکردنی ئەو دامەزراوانەی زۆرترین کاریگەرییان هەیە وێبسایتی ئەکادیمیك ئینفلوێنس (ACADEMIC INFLUENCE) لە هەڵسەنگاندنێکیدا لە کە لەساڵی (٢٠٢٢)ئەنجامیداوە بەناونیشانی ( TOP INFLUENTIAL TANKS RANKED FOR 2022 THINK ) هەستاوە بە ریزبەندکردنی(١٠) کاریگەرترین ئەو دامەزراوانە بەم شێوەیەی خوارەوە(barham, 2022):-

١. پەیمانگای بروکینگ (Brooking Institution)
٢. دامەزراوەی هیرتیج (The Heritage Foundation)
٣. ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە (Council On Foreign Relations)
٤. پەیمانگای کاتو (Cato Institute)
٥. سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتی Center For Strategic (International Studies)
٦. پەیمانگای ئینترپرایزی ئەمریکی (American Enterprise Institute)
٧. دامەزراوەی ڕەند (Rand Corporation)
٨. دامەزراوەی کارنجی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی( Carnegie Endowment For International Peace).
٩. ئەنجومەنی ئەتڵەسی (Atlantic Council).
١٠.دامەزراوەی هوفر (Hoover Institution) .

## ٢,٢,٢ گروپەکانی فشار (لۆبی جولەکە):

گروپەکانی فشار دەربڕینە بەمانای کۆمەڵێك لە تاکەکان کەوا پەیوەستن بە کۆمەڵایەتی تایبەت کەوا خاوەن تایبەتمەندی بەردەوام یان کاتییە کەوا شێوازێکی تایبەت لە رەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵی (السلوك الجماعي) کە لەسەر بەرژەوەندی و ئامانجی دیاریکراو بنیادنراوە و هەموو جۆرێکی فشار بەکاردێن بۆ سەر دامەزراوەکانی دەسەڵات و دروستکەرانی بڕیار بەمەبەستی خزمەتکردنی

بەرژەوەندیەکانیان یاخود زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندیەکانیان، بەپێچەوانەی پارتی سیاسی کە ئامانجی گەیشتنە بە دەسەڵات و لەو پێناوە کۆشش دەکات و هەڵدەدات پلان و بەرنامەکانی دوای گەیشتن بە دەسەڵات جێبەجێبکات(مصطفى،٢٠١٧: ل١٣١).

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی ئازادی ڕادەبڕین و دیموکراسیەت و مافی کەمایەتیەکان ڕێگای خۆشکردووە بۆ گروپەکانی فشار و بەرژەوەندی و لۆبیەکان تاکو بتوانن ئازادانە گوزارشت لە بیر و بۆچونەکانیان بکەن و بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان بکەن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لەو گروپانەیە، لە کاریگەرترین ئەو گروپانەش بریتیە لە لۆبی جولەکە (لۆبی ئیسرائیل) کە مەبەستی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە، لۆبیەکە دەکەوێتە دەرەوەی دامەزراوە فەرمیەکان کە بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی بەشێك لە بڕیار و سیاسەتەکان، لۆبیەکە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە بەتایبەت تریش ئەو بڕیار و هەڵوێستانەی ڕاستەخۆ پەیوەندی بە ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل هەیە.

لەبەربڵاوترین ئەو تێڕوانینەی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە سەبارەت بە جولەکە ئەوەیە کە کاریگەریەکی مەزنی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر حسابی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا، سیناتۆری پێشوی کۆنگرێس(جیمس ابو رزق) نمایندەی ئەو ئاراستەیە دەکات و پێی وایە کە لۆبی ئیسرائیلی بەهێزترین کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە ئەمریکا، لۆبی جولەکە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر لە کۆمەڵە یەکێکیان کۆمەڵەی فەرمی وەکو کۆمیتەی ئەمریکی ئیسرائیلی بۆ کاروبارە گشتیەکان ناسراو بە ئایپاك (AIPAC)*، جۆری دووەمیان خۆی دەبینێتەوە لە شێوەی نا فەرمی کە ئەم جۆرەیان خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵەکانی فشاری ڕاگەیاندن و دارایی کە کاردەکات بۆ دەسەبەرکردن و پاڵپشتی کاندیدەکان لە هەڵبژاردندا لەبەرامبەر گرەنتی کردنی بەرگریکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لۆبیەکە(مصطفى: ل١٣٢) .

دەستەواژەی لۆبی جولەکە لەڕووی واتاسازیەوە تاك نیە بەڵکو بزوتنەوەیەکی یەکگرتووە بە سەرکردایەتیەکی ناوەندییەوە کە لەچەندین کەس و گروپ پێك دێت و ئامانجیان دروستکردنی یەکێتیەکی پێکەوەییە بۆ ئەوەی لەهەندێ پرسی تایبەت بتوانن خۆیان بسەپێنن، لۆبی جولەکە کاردەکات و مەبەستی سەرەکی بریتیە لە هاندانی حکومەت و کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شەقامی ئەمریکا لەپێناو پشتگیریکردنی ئیسرائیل و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و بەخشینی هاوکاری ماددی پێیان، سەرەڕای دامەزراوە تایبەتەکانی لۆبی جولەکە کەچی لۆبیەکە هاوکرای لەچەند گروپ و کەسایەتیەکی سێبەریش وەردەگرێت کە پابەندن بە پشتیوانی ئیسرائیل و هاوسۆزیان بۆ دەوڵەت یان وەکو عەرەب ووتەنی قەوارەکەیان هەیە(میرشایمەر و ستفن وۆلت: ل ١٨٩-١٩٠) .

### ٢,٢,٣ کۆمەڵگای پیشەسازی سەربازی (Military–Industrial Complex):

کۆمەڵگای پیشەسازی سەربازی یەکێکی ترە لەو هۆکارە ناوەخۆییانەی کەوا کاریگەری بەچاو و دیاری هەیە لەسەر سیاسەت و دروستکەرانی بریار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەبەر ئەمە فەرامۆشکردنی ڕۆل و کاریگەی کۆمەڵگای پیشەسازی سەبازی دەرەنجامێکی دروست و ڕاستەقینەمان ناداتێ لەکاتی شرۆڤەی پرس و بابەتەکان بەتایبەت لەبابەتی پەیوەست بە شەڕ و جەنگ و ڕێکەوتننامەکانی پەیوەست بە فروشتنی چەك و هەروەها مافی تاك لە خاوەنداریەتی چەكی تایبەت بەخۆی .

کۆمەڵگای پیشەسازی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هاوپەیمانیەتی قۆرخکاری دەوڵەت و سیاسەتمەدارانی باڵا و سەربازی لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی چەك و پیشەسازیە ستراتیژییەکان پێناسە دەکرێت، کە بەسەر کۆمەڵگای ئەمریکی و تەواوی جیهان دەسەپێنن ئەو سیاسەتانەی پەیوەستە بە دروستکردنی چەك و پەرەسەندنی گرژی و نیگەرانیە نێودەوڵەتیەکان لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و گەیشتن بەو ئامانجەی کە خزمەت بە مەرام و بەرژەوەندیەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، بونیادی ئەم کۆمپلێکسە سەربازیەش وەستاوە لەسەر هاوبەشی نێوان(مصطفى: ل١٢٨):-

١. خاوەن پیشەسازیەکانی بەرهەمهێنەری جەنگی .
٢.بەرپرسانی حکومی و خاوەن بەرژەوەندی لەبواری سەربازی .
٣.نوێنەرانی ویلایەتەکان لە ڕووی ئابوریەوە سوودمەندن لە خەرجی سەربازی .

سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئایزنهاوەر (Dwight D.Eisenhower)* سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵگای پیشەسازی سەربازی دەڵێت کاریگەری بەرچاوی هەیە بەسەر گشت بوارەکانی ئابوری و سیاسی و تەنانەت ڕەوشتی لەهەموو شارەکان و فەرمانگەیەکی فیدراڵی، وە ڕۆڵێکە بەرچاوی هەیە بەسەر دامەزراوەکانی سیاسەت و دروستکردن بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە بەتایبەت لەو بوارانەی پەیوەستن بە بەکارهێنانی هێز و جەنگ(ئەحمەد، ٢٠١٩:ص ٦٠).

لەم دواییانەشدا لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی جەنگی نێوان روسیا و ئۆکرانیا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەژێر کاریگەری دامەزراوەکانی پیشەسازی چەک و کۆنگرێس بە ڕۆڵی هەبوو لەزیادکرنی گرژی و نیگەرانیەکان لەرێگای سەپاندنی سزاکان لەبری بەرەوپێشبردنی دانوستانەکان و بەرگرتن لە تەشەنەسەندن و بەریەک کەوتن، بەمەش وایکرد هەرزوو بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپی وەکو ئەڵمانیا سوید و دانیمارک زیادکردنی بودجەی بەرگریان ڕابگەیەنن و پریشکی هەڵگیرسانی جەنگ دەرفەتی گەورەش بدات بە کۆمەڵگای پیشەسازی سەربازی ئەمریکی بۆ چنینەوە و دەسکەوتنی قازانجی بێشومار(موقع CGTN، ٢٠٢٢).

### ٢,٢,٤ ڕاگەیاندن و ڕای گشتی(Media and Public Opinion):

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی بڕیاردان و دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە لە پاڵ هۆکارەکانی دیکە خۆی بریتیە لە ڕۆل و کاریگەری میدیا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە ناکرێت فەرمۆش بکرێت بەتایبەت لەسەردەمی ئێستادا.

بەگوێرەی ئاماری پێگەی ئیکسپلۆدینگ تۆپیکس(Exploding Topics) ئەوەی خستۆتە ڕوو ڕۆژانە تاکەکان بەگشتی (٦)کاتژمێر (٥٨)خولەك بەدیار شاشەکانەوە بەسەردەبەن کەوا پەیوەست کراون بە ئینتەرنێتەوە، هاوکات ئەو ماوەیە بۆ تاکێکی ئەمریکی (٦)خولەك زیاترە و دەگاتە(٧)کاتژمێر و(٤) خولەك لەڕۆژێکدا(Josh howarth,2023).

گرنگی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت لە سەر دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە لە ڕێگای ئەو کاریگەریەی کە هەیەتی لەسەر دروستکەرانی بڕیار و ڕای گشتی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو ڕۆژنامەگەری و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ هتد کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر پێدانی زانیاری و بەرچاوڕوونی و سەرنج ڕاکێشان بۆسەر پرس و بابەتە جیاوازەکان بۆ کاربەدەستانی فەرمی دەوڵەت لەکاتی بڕیاردان(سامیة و فاطمة، ٢٠١٤-٢٠١٥: ص٣٠ )، بەشێک بۆچوونیان وایە کە هۆکانی ڕاگەیاندن ئامرازی پشتگیریە بۆ نوخبەی دەسەڵات بۆ ئەمەش دەسەڵات ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە ڕێگای کاریگەری خستنە سەر ڕای گشتی و لاوازکرنی بۆچوونی لایەنی بەرهەڵستکار(المعارضة) لەسەر دروستکەرانی بڕیار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(ئەحمەد: ل٦٤).

هەرچی ئەوەی پەیوەستە بە ڕای گشتی گوزارشتە لەبۆچوون و هەڵوێستی هاوڵاتیان لەسەر پرس و بابەتەکان بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بەسیاسەتی دەرەوە رای گشتی رۆلێکی گرنگی هەیە، ڕای گشتی لەو دەوڵەتانەی سیستەمێکی داخراو و تۆتالیتاریان هەیە ئازادیەکان و رای خەڵك سنووردار کراوە بەڵام ئەو وڵاتانەی سیستەمێکی کراوە و دیموکراسیان هەیە رای گشتی و هەڵوێستی تاکەکان گرنگی بەرچاوی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە جا بەشێوەی پشتگیری بێت یان رەتکردنەوە وە لە ئەمریکاش رای گشتی پێگەیەکی دیاری داگیرکردووە و بەفاکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت لەسەر دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکان بەتایبەت لە دەیەی کۆتایی بایەخی زیاتر بوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی و زوتر گەیشتنی دەنگی هاوڵاتی(بدوی، ٢٠١٥: ص٥٧) .

سەرباری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەوی لە سیستەمی دیموکراسی دەکات بەڵام بەشداری سیاسی ئەمریکیەکان بە بەراورد بە گەلانی تر کەمترە ئەمەش بەهۆی شێوازی ژیانیان زیاتر مەیلی بێ لایەنیان هەیە، هەروەها ئەمریکیەکان زۆرتر بیریان لای ئەو پرسانەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بژێوی ژیانیان هەیە وەکو دڵنیایی تەندروستی(الضمان الصحی) و باج و لایەنی ئابوری

* ئایـاك یەکێکـە لەبـەهێزترین گروپـەکانی لـۆبی جولەکـە لە ئـەمریکا لە سـاڵی(١٩٥١)دامـەزراوە سـەرەتا ناوی( American Zionist Committee for Public Affairs) واتـە لیژنـەی ئـەمریکی زایـۆنی بـۆ کاروبارە گشـتیەکان دواترلەسـاڵی (١٩٥٩) ناوەکـەی گـۆڕدرا بـۆ(aipac) کـە کوتکراوەی ( American Israel public affairs committee) واتە لیژنەی ئیسرائیلی ئەمریکی بۆ کاروبارەکانی دەرەوە. بڕوانە:

- انجي مهدي، ٢٠١٨:ص٤، تـأثير اللـوبي الصهيوني علي السياسـة الخارجـة الامريكيـة، دراسـةحالة: الايـاك وقضية الاستيطان الاسرائيلي(٢٠٠٩-٢٠١٧)،مجله الاجتماعيه القوميه، مجلد الخامس و الخمسون،جامعة قاهرة.

* ئایزنهاوەر (Dwight D.Eisenhower): سی و چوارەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بـوو لەمـاوەی (١٩٥٣-١٩٦١) لە پارتی کۆماریەکان .

ئەمەش یەکێك بوو هۆکارەکانی گەیشتنی ترامپ بە کۆشکی سپی ئەمریکا لە(٢٠١٧) چونکە بەردەوام لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان جەختی لەسەر باشکردنی باری ئابوری دەکردەوە(محمد، ٢٠١٨)، هەربۆیە دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین کەوا ڕای گشتی لە ئەمریکا سەرنجی زیاتر لەسەر پرسەکانی ناوەخۆ و سیاسەتە گشتیەکانە بە بەراورد بە سیاسەتی دەرەوە هەروەها لە ناوەخۆش زۆرتر کاریگەرە بە پرسەکانی ئابوری و باشترکردنی لایەنی ئابوری و دارایی .

٣.کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەماوەی ئیدارەی دۆنالد ترامپ:
هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە داڕشتن و دروستکردنی بڕیار و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێك هۆکار و فاکتەر ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە، لەو بڕیار و سیاسەتانەش کەوا پەیوەندی بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە لەناویشدا ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە کەیسی (فەلەستین-ئیسرائیل) و کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە لۆبی جولەکە کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لە ئاراستەکردن و یەکلایکردنەوەیان بەشێوەیەك کەوا خزمەت بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لۆبیەکە بکات .
بڕیار و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ(٢٠١٧-٢٠٢١) گۆڕانکای و وەرچەرخانی گەورەی بەخۆیەوە بینی بەرامبەر ئیسرائیل و ئێران، هەڵوێست و بڕیارەکانی سەرۆك ترامپ بەجۆرێك بوو کاریگەری لۆبیەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێدەکرا، لەم بارەوە لەخوارەوە بەدوو تەوەری جیا شرۆڤەی ئەم پرسە دەکەین .

**٣,١ کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر ئیدارەی ترامپ بەرامبەر ئیسرائیل:**
سەرەتا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کەوا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی ترامپ خزمەتێکی زۆری کردووە بە دەوڵەتی ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی، ئەو ئاراستەیەش لە بڕیار و سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ کاریگەری گەورەی لۆبی جولەکەی لەسەر دیارە، بەتایبەت لە هاوکاریە ماددی واتاییەکان(المعنوی)لە پرسی ڕێککەوتننامەی سەدە و دانان بە شاری قودس وەکو پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ شارەکە.
ووتار و لێدوانەکانی ترامپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و هەڵوێست و بڕیارەکانی دوای دەست بەکاربوونی گومانی ئەوەی نەهێشت کەوا یەکێکە لەو سەرۆکانەی لایەنگری توندی دەوڵەتی ئیسرائیلە سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانی لەگەڵیدا، هەروەها ڕەخنەگرتنی ترامپ لە سەرۆکی پێشوو(باراک ئۆباما) سەبارەت بە هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئیسرائیل بەتایبەت لە دەنگ نەدانی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کە ڕێگەیدا بڕیاری ژمارە(٢٣٣٤)* درێژبکاتەوە(عزیز و ایدام، ٢٠١٩: ص٢٧٩)، هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی ئیسرائیل(الطبیع) لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، جگە لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیل لەسەر حسابی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی بەهێزکردنی لەڕووی سیستەمی بەرگری و سەربازیەوە(عزیز و ایدام:ص٢٨٠)، لەبەرئەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دوای هاتنە سەرکاری دۆنالد ترامپ گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە پشتگیری ئیسرائیل و بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی کە زۆرێک لەسەرۆکەکانی پێشووتر بوێری ئەوەیان نەبوو بەوشێوەیە ڕاشکاوانە پاڵپشتی لە ئیسرائیل بکەن.
دۆناڵد ترامپ بەجۆرێک کاری لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەلی جولەکە و ئیسرائیل دەکرد لەسەر حسابی بەرژەوەندی گەلی فەلەستین کە لەماوەی دەسەڵاتیدا (١٤) بڕیاری دەرکرد لەبەرژەوەندی ئیسرائیل(موقع اخباري شرق، ٢٠٢٢)، بەشێک لەو بڕیارانە بریتی بوون لە ناساندنی شاری قودس(ئورشەلیم) وەکو پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ ئەو شارە، هەورەها داخستنی نوسینگەی دیپلۆماسی فەڵەستین لە واشنتۆن و دانپێدانانی دەسەڵاتی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان کە لەساڵی (١٩٦٧) بەشێکی گەورەی لە سوریا داگیرکرد(شبكة الجزيرة الاعلامية، ٢٠١٩)، جگەلەوەی ترامپ لە ڕێکەوتی(٢٠١٧/١٢/١٨) هەستا بە بەکارهێنانی (٤٣)هەمین مافی ڤیتۆ لە پێناو پشتگیری لە ئیسرائیل لەسەر ڕەشنوسی بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێگری کرد لەوەی هەنگاوەکەی ترامپ ڕەتبکرێتەوە بۆ ناساندنی قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل(middle east eye site, 2017)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە شاری قودس گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ لۆبی جولەکە بەتایبەت ئایپاك بەهۆی تایبەتمەندی وەکو شارێکی پیرۆز لەلای جولەکە لەبەرئەوەش ئایپاك ڕەتیدەکاتەوە کە شارەکە دابەشبکرێت بەهۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژی(المصدر، ٢٠١٩: ص١٠٥).
کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر ئیدارەی ترەمپ هەر لەسەرەتاکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە بەڕوونی دی کاردەکات بۆ سەرکەوتنی ئەو کاندیدەی کە لەکۆنفڕانسی ساڵانەی ئایپاک لەمانگی ئازاری (٢٠١٦) لە واشنتۆن ترامپ ووتی ئەگەر بە سەرۆک هەڵبژێردرێت ڕۆژانی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی ئیسرائیل وەکو هاوڵاتی پلە دوو کۆتایی دێت، تەنانەت ڕەخنە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرێت بەوەی دۆستی (تەل ئەبیب) نیە، هەروەها لەکۆنفڕانسەکە ئەوەش دەڵێت لەدوای دەرچوونم یەکەم کەس لەکۆشکی سپی چاوی پێی بکەوێت(بنیامین نەتانیاهۆ)ی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلە(المصدر: ص ١٢١-١٢٢) .
لۆبی ئیسرائیل(جولەکە) کە بە کاریگەرترین لۆبی دادەنرێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چالاکانە کاردەکات بۆ داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەئاراستەی لایەنگیری پشتگیری ئیسرائیل(shukri, 2020, p45)، هەر ئەمەش وایکردووە ئەمریکا ساڵانە هاوکاری زۆری ئەوڵاتە بکات تا ئەو ئاستەی ئیسرائیل نەك دەتوانێ دەستی بگات بە فڕۆکەی (f16) و هەلیکۆپتەری پێشکەوتوو وەکو (بلاکهۆك) و بۆمبی زیرەك بەڵکو ئێستا بەهۆی چەندین ڕێکەوتنامەی فەرمی و نا فەرمی پەیوەستە بەدامەزراوەکانی بەرگری و هەواڵگری ئەمریکاش، بەگوێرەی ناوەندی توێژینەوەی کۆنگرێس هاوکاری سەربازی ئەمریکا یارمەتی دەربوە لە گواستنەوەی هێزەچەکدارەکانی ئیسرائیل بۆ یەکێك لە پێشکەوتوترین سەربازگەی تەکنەلۆژی لە جیهاندا(مێرشایمەر و وۆلت: ل٦٧) .

**٣,٢ کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر ئیدارەی ترامپ بەرامبەر بە ئێران:**
لەم تەوەرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو کاریگەری و ڕۆلەی کە لۆبی جولەکە هەیبوە لەسەر بڕیار و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ، بۆیە هەوڵماندا وە لە دوو داواکاری باسەکە بخەینەڕوو .
٣,٢,١ کشانەوە لە ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی ئێران:
ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران لە هاوینی ساڵی (٢٠١٥) لەنێوان وڵاتانی (٥+١) و کۆماری ئیسلامی ئێران واژوو کرا، دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەڕێکەوتی (٢٠١٨/٥/٨) کشانەوەی وڵاتەکەی لەڕێککەوتننامەکە ڕاگەیاند و ئاماژەشی بەوەکرد کەوا ڕێککەوتننامەکە بۆتە هۆی پشێوی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەیتوانیوە ببێتەهۆی سنوردارکردنی چالاکیەکانی ئێران، هاوکات ترامپ ئاماژەی بەوەکرد توندترین سزاش بەسەر ئێراندا دەسەپێنین و سزاکە ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کەوا هاوکاری بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران دەکەن(ئەنوەر، ٢٠١٨) ، کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەکە سەردەمی ترامپ بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژەیە بۆ ئەو کاریگەریەی لۆبی جولەکە بەتایبەت کۆمیتەی کاروبارە گشتیەکانی ئەمریکی-ئیسرائیلی (ئایپاک) لەسەر بڕیارەکە هەیبوو بۆ ئەمەش دەکرێ ئاماژە بەو بەڵگە بدەین کە لەسەرەتاوە ترامپ لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئایپاک بەڵێنی ئەوەی پێدابوون لە ئەگەری پشتگیری کردن و سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکان یەکەم کارم کشانەوە دەبێت لەڕێکەوتنەکە و بەکارەسات باریش ناوی هێنا ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە وتارەکەی ووتی ئێمە کردارمان دەبێت نەک قسە بۆ پشتگیری کردن لە ئیسرائیل(Begley, 2016) .
دوای ئەوەی کە پەیوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرێك لە هێوربونەوەی بەخۆیەوە بینی بوو لەسەردەمی ویلایەتی دووەمی سەرۆك ئۆباما هەر زوو دوای هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ ئەو بارودۆخە چووە قۆناغێکی دیکە لەگرژی و ئالۆزی بەهۆی گۆڕانکاری لە سیاسەت و هەڵوێستی توندی ترامپ بەرامبەر ئێران و کشانەوەی لە ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی ئێران لە ناوەڕاستی ساڵی(٢٠١٨) کە لەلایەن ئیدارەی پێشووە واژوو کرابوو(سالم و زهیر، ٢٠٢٢: ص ٥٥)، تەنانەت شرۆڤەکاری سیاسی دانیشتوی لەندەن ئێزاك بیجیۆ ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستاشدا واتە لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویستی گەرانەوەی هەیە بۆ ڕێکەوتنامەکە بەڵام بەهۆی ترس و گوشاری لۆبی جولەکە ناوێرێت بگەڕێتەوە(پێگەی جامی کوردی، ٢٠٢١)، ئاستی دژایەتی ئیسرائیل بەجۆرێکە بۆ ئەم ڕێکەوتنە سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل (نەفتالی بینێت) دەڵێت وڵاتەکەی پابەندی هێچ ڕێککەوتنێک نابێت تەنانەت ئەگەر ئەمریکای هاوپەیمانیشی واژۆی کردبێت، نەفتالی ئاماژە بەوە دەکات ئەو ڕێککەوتنە کە لەساڵی(٢٠١٥) واژوو کرا وەکو دەرمانی نوستن وابوو بۆ دامەزراوەی

* ئەم بڕیارە لە (٢٣)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٦) لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش پەسەند کرا، بڕیارەکە ئەوەی چەسپاند کە نیشتەجێبوونی ئیسرائیل(المستوطنات الإسرائيلية) "پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان" پێکدەهێنێت. بڕوانە: پێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، 23دیسەمبر٢٠٢١،ڕێکەوتی سەردانیکردن٢٠٢٣/٨/٧، لینکی سەرچاوە https://tinyurl.com/28xyr3nf

بەرگری ئیسرائیل کە تواناکانی لە ئاست ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئێران و بنکە ئەتۆمییەکانی کەمتر کردووەتەوە، لەبەرئەوە دەڵێت چیتر وڵاتەکەی هەڵەکانی رابردوو دووبارە ناکاتەوە و رێگەش نادات هیچ رێککەوتنێکی ئەتۆمی هێزە سەربازییەکانی بخاتە بارودۆخی خەواڵوییەوە(لهۆن نەسرەددین، ٢٠٢١ .

**٣,٢,٢ زیادکردنی فشار و سزاکانی سەر ئێران .**

یەکێکی تر لە سیما دیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ بریتی بوو لە توندکردنی سزا و فشاری بەهێز بۆسەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشێوەیەك سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترامپ تاڕادەیەکی زۆر جیاوازبوو لە لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەهەمبەر دۆزی ئێران بەومانایەی ئیدارەکەی سیاسەتێکی توند و هێرشبەری بەرامبەر ئەو وڵاتە گرتۆتەبەر و لەڕێگەی سەپاندنی زۆرترین سزا ئابوری کە پێی دەگوترێت( Maximum Economic Pressure )(شکری، ٢٠١٩: ل٣٢٨).

لەدوای جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنی ترامپ لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئایپاك بە کشانەوەی لە رێککەوتننامەی ئەتۆمی، ترامپ هەستا بە جێبەجێکردنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا ئەمەش بەدوو قۆناغ، یەکەمیان لە( ٧ ئابی ٢٠١٨) دووەمیشیان لە (٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨)، کە یەکەم پاکێجی ئەو سزایانە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە ئێرانبوو لە کڕینی دراوی ئەمریکی دۆلار هەروەها سزاکانی سەپێنراوی بەسەر بازگانی زێڕ و کانزا بەنرخەکانی وەکو زێر و ئەلەمنیۆم و هتد..، هەروەها دوبارە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی فەرش و بەرهەمە خۆراکیەکانی ئێران بۆ ئەمریکا، هەرچی پاکێجی دووەمی سزاکانە تایبەت بوو سەپاندنی سزا بەسەر کەرتی کشتوکاڵی و دروستکردنی کەشتی لەئێران و هەروها ئەو سزایانەی پەیوەست بوون بەکەرتی دارایی و بانک(عتیقة، ٢٠١٨: ص٢٥٣)، جۆن میرشایمەر و ستیفن وۆلت ئاماژە بەوە دەکەن کەوا سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ئاڕاستە دەکرێ بۆ خزمەتی بەرژەوەندی و پاراستنی ئیسرائیل هەروەها ئاماژە بەوە ئەدەن هەموو ئەو دژایەتیەی ئێران و فشارکردن لێی لەبەرژەوەندی ئیسرائیلە نەك ئەمریکا تەنانەت هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق لە(٢٠٠٣) بەهۆکاری پاڵشتی و پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل ناودەبات نەوەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(التميمي، ٢٠٢٢: ص ٦١٨) .

دۆناڵد ترامپ لەماوەی چوارساڵی سەرۆکایەتیدا چەندین هەنگاوی توندی دژی ئێران گرتۆتەبەر ئەویش لەپاڵ کشانەوەی لە رێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران زیادکرگوشار و سزاکانی سەر ئێران کوشتنی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران (قاسم سولەیمانی) بوو کە وەک بەهێزترین پیاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرابوو بەجۆرێک دەسەڵاتدارانی ئێران و تەواوی وڵاتانی دونیا توشی شۆک بون(پەیسەر پرێس، ٢٠٢٠)، لە دوای بیل کلینتۆنەوە تا ئۆباماش سیاسەتی ئەمریکا ئەگەرچی جۆرێک لە بەردەوامی هەبووە بۆ سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵی ئەوەیان دەدا ئێران بە شێوەیەکی دیپلۆماسی بەشداری بکات بۆ وەستاندنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی، بەڵام لە ئیدارەی ترامپ گۆڕانکاری زەق هەبوو لە هەڵوێست و ئامرازەکانی بەرامبەر ئێران، بۆیە لەبری ئامرازی دیلۆماسی پەیڕەوی لە زۆرترین سزا و گوشار کرد لە مامەڵەی لەگەڵ ئێراندا(عبدالكريم و همام، ٢٠٢٣) .

## دەرەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە کاریگەری لۆبی جولەکە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترامپ(٢٠١٧-٢٠٢١) گەیشتین بەکۆمەڵێك دەرەنجام لە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن .

١.بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ لایەنگیر و پشتیوانیەکی بەهێز بووە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆمەڵێك بڕیا و هەنگاوی گەورەی ناوە لە پێناو بەرژەوەندی ئیسرائیل .

٢. لۆبی جولەکە بەتایبەت کۆمیتەی کاروبارە گشتیەکانی ئەمریکی ئیسرائیلی ناسراو بە (ئایپاك) کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر سیاسەت و بڕیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەردەمی ترامپ بەتایبەت لەو سیاسەت و بڕیارەکانی پەیوەست بە ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ئێران .

٣. جیاوازی کردن و پێشخستنی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل بەسەر وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لەلایەن ئیدارەی ترامپدا، وەك بینیمان لە کێشەی نێوان فەڵەستین-ئیسرائیل، هەروەها زیادکردنی سزا و گوشارەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل و ڕازیکردنی لۆبی جولەکە، ئەمەش سیمایەکی دیاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو لەماوەی ئیدارەی ترامپدا .

٤. پێشخستن و پەرەپێدانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەڕووی سیستەمی بەرگری و سەربازی لەسەر حسابی ئاسایش و بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە بەجۆرێك لایەنگیریەکی تەواو بەبڕیار و هەڵوێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیارە لەبەرژەوەندی ئیسرائیل و گەلی جولەکە، ئەمەش وا دەکات بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لەکاتی ناکۆکی لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیل ئەمریکا نێوەندگیرێکی جێی متمانە و بێلایەن نەبێت، هەروەك لە بابەتی ڕێکەوتننامەی سەدە بەرژەوەندیەکانی گەلی فەڵەستین زۆر پشتگوێ خرابوو بەبەراورد بە بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل .

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان

**یەکەم:فەرهەنگ .**

١- زاهیرمحەممەدی و یاسین حاجی زادە(٢٠١٦)، قاموسی سیاسی ئارەش، چاخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢- ئەحمەد شەبانی(٢٠١٠)، فەرهەنگی زانستی سیاسی(فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسیەکان) ، چاخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

**دووەم: پەرتووك .**

٣- جۆن مێرشایمەر و ستیفن وۆلت(٢٠١٧)، جەنگی عەقل لۆبی ئیسرائیل و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەرگێرانی سیروان حسین دیبەگەیی،، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

**سێیەم: گۆڤاری زانستی**

٤- تحسین وسو عەبوڵا(٢٠٢٠)، هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، سلێمانی، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێ و قەیران، سلێمانی .

٥- عمر حمدامین نورەدینی(٢٠١٧)، گوڤاری زانکۆ بۆ یاسا و رامیاری، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سلاح الدین، هەولێر، ژملرە ٢١.

٦- نەوزاد عبداللە شکری(٢٠١٩)، ستراتیژی ترەمپ لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆ بۆیاسا و ڕامیاری، کۆلێژی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی صلاح الدین،هەولێر، ژمارە٢٧.

**چوارەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی .**

٧- ئەردەلان عەبدوڵلا(٢٠١٩)، لۆبیکردن لە دوێنێ و ئەمرۆدا، سایتی شارپریس، رێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٢٢ https://www.sharpress.net/139648

٨- پێگەی ئەلیکترۆنی جامی کوردی(٢٠٢١)، ئەمریکا لەترسی ئیسرائیل بۆ ڕێککەوتنی ناوەکی ناگەڕێتەوە( ڕێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٣/٨/٣)، لینکی سەرچاوە https://tinyurl.com/y8ft5pd5

٩- پەیرەو ئەنوەر، ئەمریکا و ئێران و داهاتووی عێراق، پێگەی پێنووس،سایتی پێنووس، ٢٠١٨/٥/٢٠(ڕێکەوتی سەردانیکردن٢٠٢٣/٨/٧)، لینکی سەرچاوە https://tinyurl.com/485te6ck

١٠- پەیسەر پرێس(٢٠٢٠)، ئایندەی رژێمی ئێران لەبەردەم ترامپدا؛ ڕووخان یان ڕێککەوتن ؟(ڕێکەوتی سەردانیکردن٢٠٢٣/٨/٧)، لینکی سەرچاوە https://tinyurl.com/6ebjdpjv

١١- لهۆن نەسرەددین(٢٠٢١)، ئیسرائیل:پابەندی هیچ ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران نابین،(ڕێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٣/٨/٣)، لینکی سەرچاوە https://tinyurl.com/37c23epd

### سەرچاوە عەرەبیەکان (المصادر العربية)

**یەکەم: پەرتوك .**

١٢- سەروەر حەمە ئەحمەد(٢٠١٩)، القضية الكردية منظور السياسة الخارجية الامريكية، مكتبة تفسير، الطبعة الاولى، اربيل.

١٣- شمال حسين مصطفى(٢٠١٧)، القوة والسياسة الخارجية الأمريكية مابعد أحداث ١١سبتمبر٢٠٠١، چاپی یەکەم، چاپخانەی کنج، سلیمانی .

١٤- محمد السيد السليم(١٩٩٨)، تحليل السياسة الخارجية، مكتبة النهضة المصرية، الطبعة الثانية، القاهرة .

**دووەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا .**

١)ماستەرنامە .

١٥- ايلول سامية و خطاب فاطمة(٢٠١٤-٢٠١٥)، السياسة الخارجية الامريكية اتجاه منطقة الشرق الاوسط بعد الحرب الباردة"ايران نموذجا"رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسة، جامعة مولود معمري-تيزي وزو .

١٦- ايمن مصطفى المصدر(٢٠١٩)، دور اللوبي اليهودي في قرار الرئيس الأمريكي ترامب الاعتراف بالقدس عاصمة لإسرائيل، رسالة ماجستير، كلية الاداب و العلوم الانسانية، جامعة الازهر، غزة .

١٧- سهام مراكشي(٢٠١٤-٢٠١٥)، اللوبي الصهيوني وتأثيره في السياسة الخارجية الامريكية و أثره على القضية الفلسطينية-AIPAC نموذجاً، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، الجزائر .

١٨- محمد شريف شيباني(٢٠١٥-٢٠١٦)، اسياسة الخارجية الامركية تجاه الازمة السورية خلال ٢٠١١-٢٠١٥، رسالة ماجستير، قسم علم الاجتماع السياسي و العلاقات الدولية، المدرسة الوطنية العليا للعلوم السياسية .

١٩- يعقوب عبدالرحمن احمد بدوي(٢٠١٥)، السياسة الخارجية الامريكية تجاه الوضع الداخلي الفلسطيني، رسالة ماجستير، معهد الدراسات الاقليمية، جامعة قدس، فلسطين .

٢) تێزی دکتۆرا .

٢٠- دانية قليلات الخطيب(٢٠١٦)، اللوبي الخليجي- العربي في الأمريكا بين الطموح و الواقع، اطروحة دكتورا، ترجمة د.محمد شيا، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت .

سێیەم: گۆڤاری زانستی .

٢١- احمد عبد الامير الانباری(٢٠١٨)، دور مراكز الابحاث واللوبي اليهودی فی صنع السياسه الخارجيه الامريكية، المجلة العلوم القانونية والسياسية، مركز الدراسات الاستراتيجية و الدولية، المجلد السابع، عدد الثانی، جامعة بغداد، بغداد.

٢٢- انجي مهدي(٢٠١٨)، تأثير اللوبي الصهيوني علي السياسة الخاريجة الامريكية دراسةحالة: الايباك وقضية الاستيطان الاسرائيلي(٢٠٠٩-٢٠١٧)، مجله الاجتماعية القومية، كلية الاقتصاد و العلوم اللسياسية، مجلد الخامس و الخمسون، جامعة قاهرة، قاهرة .

٢٣- بن يحي عتيقة(٢٠١٨)، السياسة الخارجية الامريكية تجاه ايران في ظل ادارة دونالد ترامب، مجلة البحوث في الحقوق و العلوم السياسية، كلية الحقوق و العلوم السياسية، مجلد٤، عدد١، جامعة ابن خلدون-تيارت .

٢٤- حمزة سالم و بوعمامة زهير(٢٠٢٢)، ملامح السياسة الخارجية الامريكية تجاه ايران في ظل ادارة الرئيس جوبايدن-قراءة في الثوابت و المتغيرات، مجلة السياسة و القانون، جامعة الجزائر، مجلد١٤، عدد١ .

٢٥- عباس هاشم عزيز و سعد رزيج ايدام(٢٠٠٩)، السياسة الخارجية الامريكية ازاء منطقة شرق الاوسط في عهد الرئيس "دونالد ترامب" و أفاقها المستقبلية دراسة حالة (فلسطين، ايران، العراق)، مجلة دراسات الدولية، عدد السابع و السبعون .

٢٦- علي جاسم محمد التميمي(٢٠٢١)، الولايات المتحدة من النشأة الي الهيمنة، مجلة حامورابي للدراسات، كلية العلوم السياسية جامعة المستنصرية، العراق، عدد٤٣ .

چوارەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی .

٢٧- عمرو عادل عبدالكريم و حامد همام عبدالكريم(٢٠٢٣)، السياسة الخارجية الامريكية تجاه ايران: دراسة لفترتي"باراك أوباما و دونالد ترامب" المركز الديمقراطي العربي، تاريخ زياره ٢٠٢٣/٨/٥. https://democraticac.de/?p=89312

٢٨- موقع منظمة الامم المتحدة(٢٠٢١)،تاريخ زيارة ٢٠٢٣/٨/٧. https://tinyurl.com/28xyr3nf

٢٩- موقع الاخباری شرق(٢٠٢٠)، 14قرارا اتخذها ترامب لصالح اسرائيل على حساب العرب والقضية الفسطينية، تاريخ زيارة ٢٠٢٣/٨/٤، https://tinyurl.com/2kr5ajtc

٣٠- عبدالله محمد(٢٠١٨)، العوامل المؤثرة في السياسة الخارجية الامركيّة الحالية، موقع و تاريخ الزيارة ٢٠٢٣/٤/٩. https://bit.ly/4147iWu

٣١- الموقع CGTN(٢٠٢٢)، المجمع الصناعي العسكري الامريكي يكسب الاموال الضخمة من الحرب، تاريخ الزيارة ٢٠٢٣/١/١ https://arabic.cgtn.com/n/BfJIA-cA-HcA/HabHEA/index.html

٣٢- موقع شبكة الجزيرة الاعلامية(٢٠١٩)، منذ استلامه السلطة:هذه مواقف ترامب حيال الصراع الفلسطيني-الإسرائيلي، تاريخ زيارة ٢٠٢٣/٨/٤ https://tinyurl.com/59zs9e7n

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان (english source)**

**یەکەم: گۆڤاری زانستی .**

33-Nawzad abdullah shukri(2020), The Impact Of Domestic Factors On U.S Foreign Policy, zanco journal Of Law And Politics, Salahaddin University, Erbil, vol.18 .

34-Marziehe Shakoori And Others(2016), Effect Of Aipac Lobby On American's Foreign Policy Towards The Islamic Republic Of Iran , Journal Of Politics And Law, Candian Center Of Science And Education, Vol.9, No.6 .

**دووەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

35- Sarah Begley(2016), Read Donald Trupm's Speech To Aipac, Date Of Visit 8/8/2023. https://tinyurl.com/mtx7msa9

36- Tbs staff(2022), the most influential think tanks in u.s ,Date of visit 15/12/2022 https://thebestschools.org/magazine/most-influential-think-tanks/

37- Josh howarth(2023), exploding topics, visiting date 9/4/2023 Alarming Average Screen Time Statistics (2023) (explodingtopics.com)

**Keywords** (The Jewish Lobby, Trump administration, Foreign Policy, The Iranian Nuclear Deal, Israel).

## الملخص

وراء كل قرار وسياسة تتخذه الدولة ما، هناك العديد من العوامل التي تلعب دورا وتأثيرا، السياسة الخارجية للولايات المتحدة خلال إدارة دونالد ترامب (٢٠١٧-٢٠٢١)، تجاه إسرائيل وإيران عدة عوامل أثرت عليه، لا سيما تأثير اللوبي اليهودي، خلال فترة إدارته كانت سياسة دونالد ترامب الخارجية تجاه (إسرائيل و الجمهورية الإسلامية الايرانية) في اتجاه أصدر عدة قرارات مهمة وتاريخية لحماية مصالح إسرائيل، مثل قرار الاعتراف بالقدس كعاصمة اسرائيل و نقل سفارتها من (تل ابيب) الي (القدس)، وكذلك موقف إدارة ترامب حول الجمهورية الإسلامية الإيرانية اتبعت سياسة متشددة خصوصا قرار الانسحاب من الاتفاق النووي الإيراني و زيادة العقوبات عليه، لذلك فإن السؤال الرئيسي لبحثنا يؤكد إلى أي مدى تأثرت هذه السياسة باللوبي اليهودى ، وافترضنا أن قرارات ترامب ومواقفه تجاه إسرائيل والجمهورية الإسلامية الايرانية قد تأثرت باللوبي اليهودي و جميع القراراته خدمت المصالح و أهداف اللوبي اليهودى، يتكون محتوى هذه الدراسة من جزئين رئيسيين، عرضنا في الجزء الأول مقدمة وتعريف اللوبي اليهودي والسياسة الخارجية و العوامل غير الرسمية التي تؤثر على السياسة الخارجية الأمريكية، في الجزء الثاني حاولنا تحليل قرارات ومواقف دونالد ترامب تجاه البلدين خلال فترة إدارته و مستوى تأثير اللوبي اليهودي عليه. في نهاية دراسة نستنتج أن اللوبي اليهودي كان له تأثير قوي على إدارة ترامب و قرارها وسياستها تجاه إسرائيل .

**المفاتيح الكلمات** ( اللوبي اليهودي، الادارة ترامب، السياسة الخارجية، الاتفاق النووي الايراني، اسرائيل ).

## Abstract

Behind Every Decision And Policy Taken By A Country, There Are Many Factors That Play A Role And Influence. The Foreign Policy Of The United States During Trump Administration(2017-2021) Towards (Israel And Islamic Republic Of Iran) Has Several Factors That Affected it, Especially The Influence Of The Jewish Lobby. During His Administration, Donald Trump's Foreign policy Towards Israel And Iran was In A Direction That Issued Several Important And Historical Decisions To Protect Israel's Interests, Such As The Decision To Recognize Al Quds (Jerusalem) As The Capital Of Israel And Move Its Embassy From (Tel Aviv) To Al Quds (Jerusalem), As Well As The foreign policy Of Trump Administration about Iran Followed A Strict Policy, Especially The Decision To Withdraw From The Iranian Nuclear Agreement And Increase Sanctions On It, So The Main Question Of Our Research Confirms The Extent To Which This Policy Was Affected By The Jewish Lobby Or Not, And We Assumed That Trump's Decisions And Positions Towards Israel And Iran Were Affected By The Jewish Lobby And All His Decisions Served The Interests And Goals The Lobby, The Content Of This Study Consists Of Two Main Parts. In The First Part We Presented The Introduction And Definition Of The Jewish Lobby, Foreign Policy, And The Unofficial Factors Affecting U.S Foreign Policy. In The Second Part, We Tried To Analyze the decisions of Trump's Administration And Attitudes Towards both countries (Israel and iran) And The Level Of Influence The Jewish Lobby on it. At The End Of The Study We Conclude That The Jewish Lobby Had A Strong Influence On The Trump Administration And Its Decision And Policy Towards Israel And Iran so every decisions had Served The israel Interests And the goal of jewish lobby.